دەوڵەتی یاسا: بەدواداچوونمان بۆ ئازادکردنی دوو زیندانی بەیاسای لێبوردنی گشتیدا کردووە

ئەمڕۆ یەکشەممە، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، زەغام مالیکی ڕایگەیاند، بەدواداچوونمان بۆ ئازادکردنی دوو زیندانی کردووە وەک بەشێک لە جێبەجێکردنی یاسای لێبوردنی گشتی لەلایەن دادگاکانەوە.

مالیکی لە لەدوانەکدا بۆئاژانسی "موتەعە"ی ڕاگەیاندووە کە "هیچ لایەنێک ناتوانێت فشار بخاتە سەر ئەنجومەنی باڵای دادوەری"، ئاماژەیشیدا "ئەنجوومەنی دادوەری بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی یاسای لێبوردنی گشتی دوای ئەوەی پەرلەمان دەنگی لەسەر یاساکە دا."

وتیشی، "لە کاتی جێبەجێکردنی دادگاکان بە لێبوردنی گشتی بەدواداچوونمان بۆ ئازادکردنی دوو زیندانی لە نەجەف و پارێزگایەکی تر کرد".